

# پەیڕەوکردنی سیستەمی بۆلۆنا

# و ئاستەنگەکانی بەردەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

ماوەی چەند ساڵێکە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، بەدیاریکراوی لە ساڵی 2019 لە ژێر ناوی (بەرەو بۆلۆنا پرۆسیس) بڕیاریدا کار بە سیستەمی بۆلۆنا بکات، بۆ ئەم مەبەستە دەستی کرد بە جێبەجێکردنی، بۆلۆنا پرۆسیس کە سیستەمێکە لە وڵاتانی ئەوروپا جێبەجێ دەکرێت، ئەو سیستەمە لە سەرتاوە کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی لەسەر بوو، ئەگەرچی لەلایەن زانکۆوە هەوڵی زۆر درا بۆ سەرخستنی، بە ئامانجی بەراوردکردنی سیستەمی پەروەردەی نیشتمانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەشێوەیەک یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکانی وەک تەواوکەری دیپلۆما ڕوونترو ئاسانتر لە وڵاتە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت، لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک ئاستەنگ و گرفت لەبەردەم ئەم سیستەمە..

بۆ تاوتوێکردنی گرنگی و بایەخ و ئاستەنگەکانی بەردەم سیستەمی بۆلۆنا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە باشمان زانی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز (م. یاسین حمید رشید) سەرۆکی لیژنەی دروستکردن، بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی داتابەیسی سیستەمی بۆلۆنا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ئەنجام بدەین.

ئامادەکردنی دیمانە: سەروەر عەبدولڕەزاق – قۆناغی سێیەمی تەکنیکی میدیا